# جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان
# چەند پرسێکی سەردەمانەی فەلسەفەی سیاسی[1]

ن: کریستیان دێلاکامپانی
و: بۆ کوردی: عارف سەلیمی

ناکرێت ئازادی رادەربڕین بێ سنوور بێت. بەڵام هەر ئەم ئازادییە کۆڵەکەی سەرەکی هەر چەشنە دیموکراسیەکە و یەکێکە لە (ئازادییە سیاسییە بنیادییە) هەرە گرینگەکان. هەر بۆیە خەڵك بەهیوای ئەوەن رژێمێك بێت ئەو ئازادییە دابین بکات. بەهەرحاڵ ئازادی رادەربڕین جۆرە ئازادییەکە جۆرەکانی تری ئازادی لێوەردەگیرێ، واتە لەو شوێنەی ئازادی رادەربڕین کەم تا کورتێك لەلایەن دەوڵەتەوە بەفەرمی بناسرێت، ئازادی کۆبوونەوەو ئازادی هاموشۆو گەشتوگوزارو ئازادی حیزبایەتی ناکرێ بۆ ماوەیەکی درێژ قەدەغە بکرێت.

لەتەك ئەمەیشدا ئەگەر ئەم چەشنە ئازادیانە لەلایەن دەوڵەتەوە رەچاویش بکرێن، ئەوا سیفەتی ((دەوڵەتی دیموکراتیك))ی پێ نادرێت، چونکە لە دۆخێکی پڕ ئاژاوەی گشتیدا (ئەنارشیستی) بەرجەستەبوونی گشت ئازادییەکان هێجگار کاریگەر دەبێت. وەلێ بارودۆخی ئاوا. ئاسانکاری بۆ دابینکردنی دەسەڵاتداری ((دەوڵەتێکی یاسایی[2])) ناکات.

کەواتە، کارکردنی دەوڵەتێکی دیموکراتیك دەبێ پەیڕەوی بنەمایەکی تایبەتی بکات، کە بریتییە لە پشتگیری هاووڵاتییان لە بەرانبەر هەر چەشنە زۆردارییەك.

بەواتایەکی تر پێویستە (دەسەڵاتی یاسادانان)و (دەسەڵاتی جێبەجێکردن)و دەسەڵاتی سزادانی ئەو پێشێلکاریانەی لە یاسا دەکرێ (دەسەڵاتی دادوەری) گشتیان لەلایەن کەسایەتی رێکخراوەی جیاجیاو سەربەخۆ بەڕێوەببرێن، دوو سەدەی پێش ئێستا، ئەم کێشەیە ناوی لێنراوە ((جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان)) و هەمووان پێیان وابووە کە مۆنتسکیۆ تۆماری

کردووە، بەڵام بەپێچەوانەی رای گشتی ئەم بنەمایە نەبەتەواوی ((روون و ئاشکرایە))و نە جێبەجێکردنەکەشی ئەوەندە ئاسانە.

ئەوەندە بەسە چاوێك بەجیهاندا بخشێنین، دەبینین لە هەندێ وڵاتی تازە پێگەیشتوو (باڵادەست و بەرزەفر) ئازادییە بنەڕەتییەکان تاڕادەیەك دەستەبەر کراون، بەبێ ئەوەی لەم رووەوە ((بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان)) بەجیدی لەبەرچاوگیرابێ، پتر لەمەیش، لە وڵاتە رۆژئاواییەکانیشدا کە ئەو بنەمایە بەفەرمی ناسراوە، زۆرجاران سەرپێچی لێ دەکرێ.

هەر بۆیە بێ کەڵك نابێت ئەگەر جارێکی تر ناوەڕۆك و چەمکی ئەم بنەمایەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان شیبکەینەوە. چونکە دیموکراسییەکان بەڕاستی ئەگەر چاودێری ئەم بنەمایانە بوونایە چۆن دەیانتوانی بانگەشەی ئەوە بکەن کە لە بەرانبەر ((زۆرداران و تۆتالیتاریزم))دا ئەوان تاکە سەنگەری شیاون. ئاخۆ سەرەتای کاری حکوومەتە تۆتالیترەکان هەر لە هەمان شوێنەوە نییە کە سەربەخۆبی سێ دەسەڵاتە سیاسییەکە رەت دەکرێتەوە؟

## فیزیك و سیاسەت

بە دوو شێوە، زوڵم لە مۆنتسکیۆ کراوە کە دەبێ قەرەبوو بکرێتەوە. یەکەمیان: مۆنتسکیۆ یەکەم کەس نییە ئەو سێ دەسەڵاتە بنەڕەتییەی لە یەکتر جیاکردبێتەوە. پێش ئەو ئەرەستوو ئەم بابەتەی لە بەشی چوارەمی نامەی ((سیاسەتدا)) شرۆڤە کردووە. (بەشی ١٩-١٦,١٢). دووەمیان: مۆنتسکیۆ ((داهێنەری)) سیستەمی پشت بەستوو بە ((بالانسی دەسەڵاتەکان))نییە - کە هەمان ((جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان))ە. چونکە هەر لەم بوارەدا لانی کەم بیرمەندێك بەر لەو، خۆی بەم کێشەیە خەریك کردووە. ئەویش جان لۆك نووسەری (نامە لەمەڕ لێبوردەیی)ـە.

لۆك بەشی دوازدەی کتێبەکەی بەناوی ((نامەی دووەم دەربارەی حکوومەتی مەدەنی)) (١٦٩٠) تەرخان کردووە بۆ رەتکردنەوەی تیۆری پادشایەتی رەها لەسەر بنەماو مافە ئاسمانییەکان (بنیات نراو لەسەر مافی خودایی). کە رابێرت فیلمێر پشتگیری لێکردووەو بەتێروتەسەلی لە کتێبی ((باوك سالار))[٣] لە ساڵی (١٦٨٠)دا باسی کردووە.

لۆك بڕوای بەهەبوونی سێ جۆرە دەسەڵاتە (لەم روانگەوە تۆزێ لەگەڵ ئەرەستوودا جیاوازە) کە ناویان دەنێ ((یاسادانان))، ((جێبەجێکار))و ((فێدراتیڤ)). مەبەستی لە واژەی فێدرانیڤ تواناو سەربەستی حکوومەتە بۆ پەیمان بەستن و ((یەکگرتن)) لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەدا. بەڵام هەر ئەم (جۆن لۆك)ە ڕای وایە دەبێ ئەم سەربەستیانە بدرێنە دەست دەسەڵاتی جێبەجێکار تا ((هێزەکانی شاندی سیاسی)) واتە دەوڵەت، نەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی (سەرکردایەتی جۆراوجۆر).

بەڵام لە بەرانبەر ئەمەدا لۆك دەڵێ لەو ((دەوڵەتانەی وا رێساو نەزمیکیان هەیەو بەرژەوەندی گشتی بەگوێرەی پێویست لەبەرچاو

دەگـــیریّ، دەســـەڵاتی یاســـادانان و دەســـەڵاتی جێبەجێکار زۆرجاران لەیەك جیان)).

ئەم واژەیەی لەرووی تیۆرییەوە ئەوەنـدە بایـەخی بنیاتنەرانـەی هەیـە کـە باشـتر وایـە دەقـاودەق بگوترێتـەوە دەڵـێ: ((دەسـەڵاتی یاســادانان، دەسەڵاتێکە دەتوانیٚ چۆنیەتی کـەڵك وەرگـرتن لـە دەسەڵاتەکانی دەوڵـەت بەشـێوەیەك رێکبخـات کـە کۆمەڵگەو ئەندامەکانی پارێزراوبیّ)) بـەڵام بـەهۆی ئەوەی دەبیّ ئەم یاسایانە هەمیشە بمێننـەوە و خێـرو بەرەکەتەکەیـشیان بـەردەوام بـیّ- پێویـستە لـە ماوەیەکی کورتدا تۆمار بکرێن و بنووسرێنەوە. هەر بۆیە پێویست ناکات دەزگای یاسادانن - کە ئەرك و کاری بەردەوامی نابێـت - بـەردەوام یـا کراوەبێـت. لەبەر ئـەوەی بنیـادەم مـەخلوقێکی دەروون لاوازەو دەبێتە دەسگەمەی بەهێزی دەروونی و ئەو کەسانەی دەسەڵاتی یاسادانانیان پیّ سپێردراوە، حـەز دەکـەن دەسـەڵاتی جێبـەجێکردنی ئـەو یاسـایانەش بگرنـە دەست تا بتوانن خۆیان هەڵبوێرن لەو یاسایانەی کـە بۆ خۆیان دایانناوە، بەو مەبەسـتەی چ لـە قۆنـاغی نووسینەوەی یاساکان و چ لە قۆناغی جێبەجێکردندا بەرژەوەنـدی جیـاواز لـە بەرژەوەنـدی گـەل دژ بـە کۆمەڵگەو حکوومەت بۆ خۆیـان دەسـتەبەر بکـەن. هەر بۆیە لـە وڵاتـانی خـاوەن دیـسپلینی واتـە ئـەو وڵاتانەی سوودی گشتی بـەگوێرەی پێویـست رەچـاو دەکـەن، دەسـەڵاتی یاســادانان دەدەن بەکەســانی جۆراوجۆر تا دەسەڵاتی ئەوەیان پێبدرێت بەتـەنیا یـا بە رێکەوتن لەگەڵ ئەوانیتر یاسا بنووسـنەوە. بـەڵام ئەوانە پاش نووسینەوەی یاسـاو چـوونەوە سـەرکاری خۆیان دەبنە پابەندی ئـەم یاسـایانە و بـەم شـێوەیە بەڵگەیەکی تازەو بەهێز دەکەوێتە دەست بـۆ ئـەوەی پابەندی نووسـینی یاسـایەك بـن کـە سـوودمەندیی گشتی تێیدا رەچاو کرابێت.

((بـەڵام بـەهۆی ئـەوەی یاسـا تـەنیا جارێـك و ئـەویش لـە ماوەیـەکی کورتـدا دەنووسـرێتەوە قازانجێکی نەگۆڕو و هەمیشەیی تێدایەو خەڵك ناچار دەکـا رەچـاوی بکـەن و گوێڕایـەڵی بـن، پێویـستە هـەمووکات دەسـەڵاتێك هـەبیّ ئـەم یاسـایانە جێبەجێبکات و دەسەڵاتی یاسا تەواو بپـارێزیّ، بـەم شێوەیە دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکار زۆرجار لەیەك جیادەکرێنەوە[٤])).

لەم چەند دێڕەدا ئەوەی دەکرا بگـوتریّ گـوتراوە، تاڕادەیـەك گـشت ئـەو بابەتانـەی شـیاوی گـوتنن. چونکە لەلایەکەوە ئەوەندەی بەسە بڵـیّ لـە وڵاتـانی (خاوەن دیسپلین)، دەسەڵاتی یاسـادانان و دەسـەڵاتی جێبەجێکار ((زۆرجاران لەیەك جیان)) بـەڵام ناگاتـە ئەو ئەنجامـەی هەمیـشە لـە یـەکتر جیـابن. وەلـیّ مۆنتسکیۆ رای لەگەڵ جیاکردنـەوەی یـەکجاری ئـەم دوانەیە.

لەلایەکی ترەوە لۆك نە باسی دەسەڵاتی دادوەری دەکات و نە لە پێویستی جیاکردنەوەی ئەم دەسەڵاتە لە دەسـەڵاتەکانی تـر دەدوێـت، ئەمـەش دەکەوێتـە ئەستۆی مۆنتـسکیۆ (کـە یاساناسـێکی پرۆفێـشناڵ بووە) تا شیکردنەوەکەی خـۆی بگەیەنێتـە قۆنـاغی کۆتایی و جودایی دەسـەڵاتی دادوەری پەسـند بکـا.

مۆنتسکیۆ ئەم شیکارییەی ئەنجامدا بەڵام هیچکات ناوی مۆن لۆکی هۆیەکەیشی ئەمەبوو، لۆك تیۆریسیەنی ((پەیمانی کۆمەڵایەتی)) و لایەنگری ((تاکرەوی لیبراڵ)) بوو لۆکی لەکاتی خۆیدا ((مارکس گوتەنی)) ببووە بیرمەندی ((چینی بورژوای سەرکەوتوو)). کەچی وەك لەلاپەڕەکانی دواتر دەبینین، مۆنتسکیۆ لە بەرەی ناکۆکدا خۆی دەنواند.

لەگەڵ ئەمەشدا هەردوو بیرمەندەکە لە پرسی ((جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان)) بۆچوون و واژەی هاوبەشیان بەکاردەهێناو لەراستیدا زەمینەی لێکتێگەیشتنیان هەبوو و چونکە هەردووکیان لەیەك شتدا هاوڕابوون، ئەویش نەفرەت کردن لە دەسەڵاتدارییەتی رەها. وەك ئەوەی لەم هەستی نەفرەت کردنەوەدا هێزێکی یەکبوون و هاوڕاز هەبێ بتوانێ دووبەرەکی و ناکۆکی راوبۆچوون بخاتە نێو ئەم دووانە.

دیارە ئەو بۆچوون و واژانەی ئەم دوو کەسە بەکاریان هێناوە، بەگشتی بیرۆکە سیاسییە ((مۆدێرنەکان)) لە هیچ و نەبوونەوە نەهاتوونەتە دنیای بوون. واتە دەستەواژەو بیرۆکەی سیاسی نوێ سەرچاوەی وردو تایبەتیان هەیە.

ئەم دەستەواژەو بیرۆکانە لە بزاوتی مرۆڤگەرایی هەڵقوڵیوی بزاوتی چاکسازی (ریفۆرم)و بزاوتی (رێنسانس)ەوە سەرچاوەی گرتووەو لە چوارچێوەی ئاوەزخوازی زانستیانەو بەتایبەت لە بواری فیزیکی گالیلەوە دەرکەوتووە. بەڵام فیزیکی گالیلە پێش هەموو شتێك جۆرێك ((میکانیکە)) و بەواتایەکی تر، زانستی ((هێزەکان))ە، لەبەرئەوە لە سەدەی ١٧ز، بەم لاوە دەبینین فەیلەسووفەکان پتر لە جاران دەسەڵاتی سیاسی وەك هێزێك بەمانا فیزیکییەکەی وێنا دەکەن کە بواری کۆمەڵایەتی وەك گۆڕەپانی ((هێزە)) دژ پێکەکان دادەنێ. واتە وەك ئەو تەنە رەقانەی لێکدەدەن و ئەو شلانەی تێکڕای فەزای ئازادی دەوروبەری خۆیان داگیر دەکەن. تۆماس هۆبزی بەریتانیش کە کتێبی لێڤیاتانی لە ١٦٥١دا نووسی (بیرکار، فیزیکزان و فەیلەسووفیش بوو)، نموونەیەکی بەرچاوی سەلماندنی سەرهەڵدانی بیرۆکەی سیاسی ((میکانیکیانەیە)) لە ئەوروپادا. دیارە کتێبی لێڤیاتان هەرگیز شتێکی تایبەتی نەبوو، مۆدێلی تیۆریی یان پارادایمە فیکرییەکەی هەر ئەم واژەی ((هێزە)) بوو کە بەشێوەی خوازراو لە بواری سیاسەتدا بەکار دەهێنرا، بۆ ماوەیەکی زۆریش لە بواری بیری سیاسیدا کاری پێدەکرا. جێگەی سەرسوڕمانیش نییە کە ئەم خوازەیە لە کتێبە گرینگەکەی رۆحی یاساکانی مۆنتسکیۆدا (٧٤٨) بەدی دەکەین.

لە جێگایەکی کتێبەکەی مونتسکیۆدا، سەرچاوەی شەڕەکان چ ناوخۆیی و چ دەرەکی بەڵقی کردەوەو دژەکردەوەی ((هێزە تایبەتەکان)) دادەنرێت (کتێبی ١- بەشی ٣) هەر لەم کتێبەدا، وەلێ لە هەڵوێستێکی تردا یاسا سیاسییەکان لە روانگەی مۆنتسکیۆوە رۆڵی ((هێزە سەرکوتکەرەکان)) دەگێڕن. (کتێبی ٥- بەشی ٧). لە بابەتەکانی دیکەی ئەم کتێبەدا دەبینین مۆنتسکیۆ پانتایی دۆخی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی تەنیا بە واژەی میکانیی و کەلوپەلی وەك خولخولەو سلیندەرو

پێچکەو تەناف کە جوان ((چەورکرابن))، دەنەخشێنێ و دەڵێ: ((بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی میانڕۆ پێویستە هەموو دەسەڵات و تواناکان لەگەڵ یەکدا ئاوێتە و ڕێك و هاوسەنگ بکرێن و کاریان پێ بکرێ، بەواتایەکی تر دەبێ یارمەتی هێزی سەرەکی بدرێ تا لە بەرانبەر هێزی دیکەدا خۆی رابگرێ، ئەمە شاکارێکی یاسادانانە کە رێکەوت زۆر بەدەگمەن پێکی دێنێ و زۆربەکەمیش رێك دەکەوێ دەرئەنجامی ئیرادەو پارێزبێ. (کتێبی ٥- بەشی ١٤)، لە بابەتێکی تردا بەدوورودرێژی سەبارەت بە ((هێزی بەرەنگاری)) و ((هێزی هێرش))ی دەوڵەتەکان پەیوەندی ئەم هێزانە لەگەڵ یەکتردا هەندێ پرسیاری خستۆتەڕوو. (کتێبی ٩- بەشەکان ٩-٨-٦و کتێبی ١٥، شوێنی جیاجیای کتێبەکە).

دیارە لێرەدا نابێ ئەو پێناسە بەناوبانگەی مۆنتسکیۆ لەبیر بکەین، دەڵێ: ((ئازادی بریتییە لەوەی، کەس ناچار نییە کارێك ئەنجام بدات کە یاسا نەی سەپاندووە)) (کتێبی ١٦- بەشی ٢٠) بیرۆکەی ((جیاکردنەوە)) یان گوتەی مۆنتسکیۆ ((دابەش کردن))ی هێزەکان بە تەواوی لەگەڵ بۆچوونی گشتی مۆنتسکیۆ بۆ مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان تەبایەو خودی ئەم بۆچوونەش لە ((زانستی نوێ)) وەرگیراوە کە ١٥٠ ساڵ پێشتر لەلایەن گالیلەوە بنیات نراوە. بەواتایەك، فەلسەفەی سیاسیی مۆنتسکیۆ دیاگرامی ئاکام و سەرکەوتنی ئەم زانستە نوێیە بوو، ناوەڕۆکی بابەتەکە ئەمەیە، ئایا بۆ دڵنیابوون لە پێکهاتنی ((حکوومەتێکی میانڕۆ)) ڕێگەیەکی لەمە باشتر هەیە بایەخی تایبەت بدات بەو سێ دەسەڵاتەی لە هەناوی هەر دەوڵەتێکدایە. تا هەرسێك پێکەوە لە دەست ((تاك یان کۆمیتەیەك))دا کۆنەبنەوە؟ بەکورتی ئاخۆ چاودێری دەکرێ تا ئەو سێ دەسەڵاتە لە یەکتر جیاوازبن و پارسەنگی یەکتر بن و یەکتر کۆنترۆڵ بکەن؟ ئەوەی باسکرا، هەرچەندیش بەدڵنیاییەوە بێت لە دوو سەد ساڵ پێش ئێستاوە بۆتە فۆرمولێکی میکانیکی یان بەڵگەنامەیەکی ئەزمۆنکراو بۆ پێکهێنانی ((حکوومەتی نەتەوەیی)) شایستە ئەمە. ئاوا لە دەقی کتێبەکەی مۆنتسکیۆدا نەهاتووە و تەنیا لە پێڕستی کۆتایی کتێبەکەدا باسی لێوەکراوە.

بەڵام ئەو بیردۆزەی پوختەکەی وا لەم فۆرمۆلەدایە ئاوا بەدرێژی و ڕێکوپێك لەو بەشەدا کە تەرخان کراوە بۆ بابەتی ((دابەشکردنی)) دەسەڵاتەکان، نابینرێتەوە. بەتایبەت ئەم کتێبە هیچ بەشێکی، ئەم بابەتەی تیا نییە. گەرچی کێشەیەکی وەها، تەوەری سەرەکی بیری مۆنتسکیۆ پێکدێنێت کەچی. هێما سەرەکییەکانی، لە بەشێکی چاوەڕواننەکراودا هاتووە بەناوی ((دەربارەی دەستووری بنەڕەتی ئینگلتەرا)) (کتێبی ١١- بەشی ٦).

بەڵام ئەم جۆرە ناولێنانە بەرێکەوت نییەو ڕێکوپێك و داڕشتنی دەقێکی ئاوا ئاڵۆز بەرهەمی پرۆژە و پلانێکی داڕێژراوە. ئەم پرۆژە و پلانەش لقی قۆناغ و زەمینەیەکی مێژوویی ئەو سەردەمەیە کە نووسەری تیایدا ژیاوە.

لەراستیدا مۆنتسکیۆ هەرگیز لە بیرمەندێکی (زەین) و ((بێ لایەن)) ناچێت و تایبەتمەندییەکی

پێچەوانەی هەیە. واتە بیرمەندێکە ئەمڕۆکە پێی دەڵێن ((بیرمەندی پابەند)). بەڵام ئاخۆ پابەندبوون دژ بەچی؟ مۆنتسکیۆ بەتوندی دژی سەرەڕۆییە، واتە دژی پادشایەتی رەهایە ((بەمافی ئاسمانییەوە)) کە بنەماڵەی بۆربۆنەکان لەسەردەمی لویسی ١٤ لە فەرەنسا پێکیان هێنا. بەڵام هەڵەیەکی گەورەیە مۆنتسکیۆ بەبیرمەندێکی ((پێشکەوتنخواز))ی ئەمڕۆکە بزانین، کە هێندێك لایەنگرانی ((بەها لیبرالەکان)) بە ((کۆماریخواز))، ((دیموکرات)) یا پێشەنگی شۆڕشی ١٧٨٩ یان دادەنا.

راستییەکەی ئەمەیە لەنێو دوژمنانی ((پادشایەتی رەها))دا مۆنتسکیۆ هەڵوێستێکی تەواو جیاوازی هەیە. واتە دژی پادشایەتی رەهایە وەلێ لەگەڵ گروپێکە کە پێیان دەڵێن ((کۆنە پەرەستە ئارستۆکراتەکان)) واتە لە خێڵی ئەو کەسانەیە کە بڕوایان بەگەڕانەوەیە بۆ کۆنترین قۆناغی فیودالیزمی ئەوروپایی. واتە قۆناغێك کە تیایدا دەسەڵاتی ((ئاریستۆکراتەکان))و ((سەپاندنەکانیان))(واتە واساڵەکان))، دەسەڵاتی پادشای تەواو سنووردار دەکرد.

بەهەر حاڵ چ خوێنەر پێی خۆش بێت یان نا، مۆنتسکیۆ وێڕای گشت نازناوە ئاریستۆکراتیەکانی لەڕووی سیاسییەوە پیاوێکی پێشینە خوازەو هی رابردووە، مرۆڤێکە تامەزرۆی گەڕانەوەیە بۆ سەردەمانی سەرەتای رژێمی پێشوو، لەکاتێکدا رژێمی پێشوو لەسەر لێواری نەمانە. وردبینانەتر بێژین مۆنتسکیۆ تامەزرۆی گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی پادشایەتی کۆنی ((پادشاکانی فرانك))[٥]

لێرەدا پێویستە هەندێ لەراستییە مێژووییەکان وەبیربێنینەوە. لە فەرەنسا، ئاخروئۆخری پادشایەتی لویس ١٤، هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی شێوەی سەیری ((خەباتی چینایەتی)). واتە نێزیکەی سەدەیەك پێشتر دەسەڵاتی پادشایەتی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات بەو ئاراستەیەدا دەڕۆیی بکەوێتە سەرشانی چینی بۆرژوای تازە هەڵچوو واتە بۆرژوای نیمچە ئاریستۆکرات یان بۆرژوای سەوداگەر. لە ئاکامدا چینی ئاریستۆکرات کە تا ئەوکاتە لەگەڵ چینی پیاوانی مەزنی ئایینیدا ((بازنەی یەکەم))ی قۆرخکردنی دەرباری پێکدەهێنا بەواتایەك ((پاسەوانی تایبەتی)) پادشا بوو، وردە وردە هەستی کرد چینی برژوا خەریکە پەرەدەگرێ.

لەم بارودۆخەدا فیوداڵە گەورەکان هەراسان بوون لەوەی نەکا بەرژەوەندییەکانیان لە کیس بچێت، ئینجا کەوتنە خۆ تا پەلاماری ئەم رەوتە مێژووییە خۆنەبوێرە بدەن. (ئەڵبەتە هەر هۆشیارەکانی ئەم فیئوداڵانە لە سەرووی هەموویانەوە مۆنتسکیۆ ئاگاداری ئەوەبوون لەم راستییە مێژووییە دەربازبوون نییە). هەر لەم سەروبەندەدا یەکێك لە ئاریستۆکراتەکان بەناوی کۆنت دو بولێن ڤیلیە[٦] ئەو بابەتەی وا لە کتێبەکەی ئێتین پاسکییە [٧] یا لە بەرهەمی مێژوونووسانی دیکەی سەدەی ١٦دا دۆزیبوویەوە، کردیە بەڵگەو لەسەر ئەوە بیردۆزێکی کۆنی (تەواو خەیاڵی) لەمەڕ بن و بنەچەی ((نەتەوە))ی فەرەنسا زیندووکردەوەو خستییە سەرزاران[٨] (هەڵبەت ئەو بابەتە بۆ خۆی دارشتەی فێڵ و تەڵەکەی پیاوێك بوو لە کتێبێکی ئاوادا[٩].

بەپێی ئەم تیۆرییە، نەتەوەی فەرەنسا لە ئاوێتەبوونی دوو ((رەگەز))ی گالورومان (واتە فەرەنسەیی و رۆمی) و فرانك پێکهاتووە. بە وتەی تاسیت (مێژوونووسی رۆمی سەدەی یەکەمی - ز) نەتەوەی فرانك لە ژێرمانی واتە ئەڵمانی دێرینەوە هاتوونەو بەهۆی گەورەیی لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە خۆیان بەسەر قەومی گالرۆساندا سەپاندووە. بەم چەشنە کلوویس لە سەدەی پێنجەمی زایینی وەك پادشای سەر ((بەرەگەزی فرانك)) وڵاتی فەرەنسای پێکهێناوە و بەشێوەی وڵاتداریەتی باوی فرانکەکان جووڵاوەتەوە و هیچ کات دوای پادشایەتی رەها نەکەوتووە. هەروەها جەختیشی کردووە کە لە یادی ناچێت ئەویش یەکێك بووە لەم تاقمی ئاغا و موڵکدارو خاوەن زەوییانەو بەیارمەتی ((هاوپلەکانی)) واتە خاوەن زەوییەکان توانیویەتی ئەم دەسەڵاتە وەدەست بێنێ. کەواتە هەر بەهاوڕایی ئەم ((هاوپلەیانە)) درێژە بەحکوومەتەکەی دەدات (و (خۆدەپارێزێ لەوەی زیان بە بەرژەوەندییەکانی ئەوان بگەیەنێت).

جێنشینەکانی کلودیس هەر بەم شێوە لەگەڵ میراتگری ((هاوپلەکان))ی کلووسیدا (واتە فیودالە گەورەکان) تا ناوەڕاستی فەرمانڕەوایی لوویسی ١٤ لە (سەدەی ١٧)دا هەڵسوکەوتیان کرد. (هەر بەهۆی ئەم هەڵسوکەوتەوە بوو مۆنتسکیۆ ئەو سەردەمانە بەلووتکەی بەرزی مێژووی فەرەنسا ناودەبا). بەڵام لویسی ١٤ هەم لە ئان و ساتی پیریدا ئەم نۆرمەی (سروشتیە)ی تێکداو دەسەڵاتی لە ئارستۆکراتەکان (واتە نەوەکانی فرانکەکان) سەندەوەو دای بەبۆرژواکان (کە نەوەی کالورومانیەکان یا خەڵکانی دێرینی فەرەنسا (گول)ی تێکەڵاو لەگەڵ رۆمییەکان بوون)، و بەم شێوەیە ئاریستۆکراتەکانی بەرەو نەمان برد و بەم کارەش وڵاتەکەی خستە سەرولێژی تیاچوون. بۆلێن ڤیلیە بەم خوێندەوە لایەنگرانە لە مێژووی فەرەنسا، دەگەیشتە ئەنجامێکی پراکتیکی و و دەیگوت کە پادشای فەرەنسا دەستی دایە پادشایەتی رەها، یاسای نەریتی وڵاتی پێشێل کرد، ((شەرعیەتی)) خۆی لە دەستداوە، بوو بە پادشایەکی ((داگیرکەر)): واتە دەسەڵاتدارێکی زۆردار کە دەبوو هەر چۆنێك بێ دژایەتی بکرێت.

لەم بابەتەوە مۆنتسکیۆش هاوڕایە و کتێبی رۆحی یاساکانی بەمەبەستی شەڕو خەبات تۆمارکردووە. ئەگەر قورساییەکەی لەبەرچاو نەگرین دەتوانین ناوی لێبنێین شەونامە یان توانج نامە (هەجووی پادشایەتی رەها). بەشی شەشەم واتە دواین و گرینگترین بەشی ئەم کتێبە تەرخان کراوە بۆ روونکردنەوەی پرسی ((بنەمای سەرهەڵدان و گۆڕانی یاسا مەدەنییەکان لەنێو فەرەنسییەکاندا)). بەواتایەکی تر مۆنتسکیۆ لەم بەشەدا لە ((تیۆری یاسای فیۆدالی فرانکەکان)) و پەیوەندی ئەو یاسایە بە ((دامەزراندنی حکوومەت پاشایەتی)) و ((شۆڕشە))کانی دواتری حکوومەتی پادشایەتی کۆڵیوەتەوە. (مۆنتسکیۆ لەم لێکۆڵینەوەدا گەڕاوەتەوە سەردەمی پادشایەتی هوگ کاپە، لەبەر رووبەڕووبوونەوەی [١٠] پرسگەلێکی دژوار بۆی نەکراوە، کاری پتر ئەنجام بدات.

بەهەرحاڵ. مۆنتسکیۆ لەم کتێبەدا سەلماندن و بەڵگەکانی بولێن ڤیلیە هەڵدەگرێ، نەرم و نیان کامڵیان دەکات. ئەگەریش رەخنە لە بولێن ڤیلیە

دەگرێ لەبەرئەوەیە بۆچی پشتگیری باشی لە بیروڕاکەی خۆی نەکردووە، دەنا لە ستایش کردنیدا دریغی نەکردووەو دەڵێ: بەڕای من بۆلێن ڤیلیە پتر بیرمەند بوو تا رۆشنبیر و پتر رۆشنبیر بوو تا زانا. بەڵام زانست و زانیارییەکەی شتێکی بچووك و سنوردار نەبووەو کێشە بنەڕەتییەکانی مێژوو یاساکانی ئێمەی بەباشی زانیوە. (کتێبی ٣٠-بەشی ١٥). بەڵام مۆنتسکیۆ لە ئاست زانایەکی قەشە بەناوی دوو بۆدا کە بۆ پشتگیری کردن لە رەگەزی (گۆلی رۆمی) و (بۆرژوازی)، رەخنەی لە بیروڕاکانی بولێن ڤیلیە گرتبوو، دەیکاتە گاڵتەجاڕو بەنارەسەن لە قەڵەمی دەدا.

ئەم مشتومڕە تیئۆرییەی لەسەدەی ١٨دا هەمووانی وروژاندبوو بێگومان و بەناحەق تەواو لەبیرکراوە. چونکە لەلایەکەوە تیۆری دوو ((رەگەزی))و ((خەباتی)) بێوچانی ئەم دوو رەگەزە لە رەوتی مێژوودا ئاکامی خێری لێکەوتەوە، واتە سەرەتا رۆڵێکی بەرچاوی گێڕا لە شکڵگرتنی بیرۆکەی تۆکویل، (تۆکویل وەگ دایکی ئازادی ئەوکاتەی باوەڕی بەپێشکەوتنەکانی دیموکراسی هێنا ئەوەندە گەنج و کەم تەمەن نەبوو و لە هەمانکاتدا پێشکەوتنەکانی یەکسانی خوازانەی رەت دەکردەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەبوو کوڕی پیاوێکی ئارستیۆکراتی پابەند بە رژێمی پێشوو و دژ بە پادشایەتی رەها بوو، هەر لە روانگەی بیروباوەڕی مۆنتسکیۆیشەوە موریدی بولێن ڤیلیە بوو).

لەلایەکی ترەوە مێژوونووسانی ((بۆرژوازی)) سەدەی ١٤ (وەك ئاگۆستین تیەری[11] و فڕانسوا گیزۆ[12] ئەم تیۆرەییەیان بەئاڕاستەی سەرکەوتنی گۆلەکان لێکدایەوە. نووسراوەکانی ئەمانەش یارمەتیدەری مارکسی بوو تا بنەمای چەمکی ((خەباتی چینایەتی)) بنیادبنێت کە ((ناخ)) و ((ناوەڕۆکەکەی)) بوو بەگشت بەرنامەی شۆڕشگێڕی نەوەکانی داهاتوو. لەلایەکی ترەوە لە چوارچێوەی ئەم تیۆرییەدا بنەمای تەواو دیموکراتیانەی ((دابەش کردن)) یان جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان جێگیربوو. لێرەدا دەبینین ئەگەر ئەم بنەمایە پەیڕەوە بکرایە دەیتوانی ببێتە هۆی رزگاربوونی ئاریستۆکراسی فەرانسا، واتە ئەگەر پادشا کە بەڕێوەبەری دەسەڵاتی جێبەجێکردنە قایل بوایە واز لە دەسەڵاتی یاسادانان بهێنێ و بەشێکی یا بەگشتی بەئەنجوومەنی ئاریستۆکراتەکانی بسپێرێت ئەوا ئەم ئەنجوومەنەش دەسەڵاتەکانی پێشووی خۆی وەردەگرتەوەو و نەزم و ئاسایشی کۆمەڵگە دووبارە بەرقەرار دەبوو. هەر لەو دەروازەوە تێدەگەین بۆچی مۆنتسکیۆ ناتوانێ بنەمایە بەڕاشکاوی ئەو بنەمایە لە کتێبەکەی خۆیدا بنووسێ. ئەگەر ئەو کارەی بکردایە تووڕەیی پاشاو دەربارەکەی دەورووژاند، کەواتە تەنیا رێگای ئەوەبوو بە باڵای تاکە دەستووری ئەوکاتەی ئەوروپا واتە دەستووری ئینگلتەرادا هەڵبڵێت و داوا بکات لە فەڕەنساش تۆماربکرێت.

بەڵام ئاخۆ ئەو دەستوورەی کە مەبەستی مۆنتسکیۆیە لەژێر کاریگەری بیرۆکەو ڕای زانا بۆرژواکەی ئینگلتەرا، جۆن لۆکدایە؟ ئە پرسیارێکی بێ بایەخە، مۆنتسکیۆ بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی

هەموو کارێکی دەکرد، تەنانەت دەستی لەراستییە مێژووییەکانیش وەردەدا و بەخۆشحاڵییەوە ئیدیعای دەکرد کە ئەو دەستوورەی ئەو پێکیهێناوە بنەچەیەکی فیودالیانەی هەیە واتە رەگوریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەتەوەکانی ((فرانك)) یان ((ژێرمەن)). لەم بارەوە مۆنتسکیۆ دەنووسێ: ((ئەگەر کەسێ گەرەکی بێت کتێبەکەی تاسیت مێژوونووسی رۆمانی بخوێنێتەوە کە لەسەر دابونەریتی ژێرمەنەکان نووسیویەتی بۆی دەردەکەوێ ئینگلیزەکان شێوازی حکوومەتی سیاسی لەمانەوە فێربوون. واتە ئەم سیستمە جوانەی فەرمانڕەوایی لە جەنگەڵەکانی... سەری هەڵداوە (کتێبی ١١، بەشی ٦) کەواتە ئاوا بیرۆکەی پێویستیی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان وەدەس هاتوو و چووە ناو مەیدانی فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن، بەڕاستی دەبێ بڵێین بەرێگەیەکی پڕ پێچ و پەنادا تێپەڕیوە.

بەڵام پێویستی وەدی هاتنی ئەم شێوە دابەش بوونەی دەسەڵاتەکان، ئەوە نەبوو بکرێ لە بەرانبەریدا بوەستن یا خۆی لێ بدزنەوە، چونکە و حاشا هەڵنەگربوو ئەکتەرانی بواری سیاسیش بەگومان و دوودڵ نەبوون، بەتایبەتی نوێنەرانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە هیچکات قایل نەبوون تۆزقاڵێ لە دەسەڵاتەکەی خۆیان بدەن بەدەسەڵاتی یاسادانان یان دەسەڵاتی دادوەری.

## دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە بەرانبەر دەسەڵاتی یاساداناندا

لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە سەبارەت بەدەستوور و وردەکارییەکانی بدوێم یا بزانم ئاخۆ لێکدانەوەی مۆنتسکیۆ لەم بارەوە چییە، هەرچەند مۆنتسکیۆ لەگەڵ ئەمەدایە کە کارکردی دەزگاو رێکخراوە بەریتانییەکان دەتوانێ لە دەقی دەستوور لابدات. مۆنتسکیۆ لەم بارەوە دەڵێ: من نامەوێ لەمەڕ ئەو خاڵە بدوێم ئاخۆ ئینگلیزەکان سوودیان لەم ئازادییە سیاسییە وەرگرتووە یان نا، هەر ئەوەندە بەسە بڵێم، بوونی ئەو ئازادییە لەرێگای یاساکانی ئەوانەوە دەستەبەر کراو، پتر لەوە چاوەڕوانی زانیارییان لێناکەم. (کتێبی ٦١١ بەشی ٦).
ئاشکرایە کە چ لەم بارەوە و چ لە بارەی زۆربەی دیموکراسییە تازەکان، پرسی جیاکردنەوەی ئەو سێ دەسەڵاتە لە حوکمی بنەمای (رێکخەر)و رێکخەرکار دایە کە لە پراکتیکدا هێندێك تایبەتمەندی جۆراوجۆر، مەودایەکەی دیاری دەکا. وێڕای ئەمانە دەمەوێ هەندێ تێبینی لەمەڕ ئەو پرەنسیپانەی مۆنتسکیۆ هەڵێنجم کە پەیوەندییان لەگەڵ گرینگترین (هەڵاوێردە)یان ئەو ((دژە Norm نۆرمانە)) هەیە. چونکە ئەگەر بەگوێرەی پێویست ئاوڕی لێنەدرێتەوە لێکدانەوەی ((دیموکراسی)) واتایەکی نامێنێ.

ئەو دژە نۆرمانە دەبێ یا بەربەستی ئەوەبن دەسەڵاتی یاسادانان لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن سەربەخۆ بێ یا رووبەرووی دەسەڵاتی دادوەری ببنەوە

لە جێبەجێکردندا. ئەزیش لە یەکەم پرسەوە دەست پێدەکەم.

سەربەخۆیی دەسەڵاتی یاسادانان بەشێوەی جۆراوجۆر کەم دەکرێتەوە، بەواتایەکی تر دەکرێ یان راستەخۆ لە رێگەی چاکسازی دەستووری و یان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەپلان دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەسەڵاتی یاسادانان لاواز بکات. بابەتی یەکەم بە بەراورد کردنی دوو جۆر دەستوور کە هەردووکیان بەقەدەر یەك لە دیموکراتیزەکردندا بەناوبانگن واتە دەستووری فەرەنسا و دەستووری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا روون و شرۆڤە دەکەمەوە.

***

لە دەستووری کۆماری پێنجەمی فەرەنسادا (کە لە ١٩٥٨ بەپێی قورسایی کەسایەتی جەنەراڵ دیگۆل تۆمارکراوە) سەرۆك کۆمار راستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت و بەهۆی شەرعییەتی گشتییەوە مەرجەعیەتی گەورەو بەرچاوی هەیە. کۆماری فەرەنسە رژێمێکی ((سەرۆکایەتی))یە واتە شێوەیەکە لە حکومەتی پادشایەتی. دیارە رەگوریشەکەی کەمتر لە سیستەمی باوی پاشایەتی فەرەنسەوە دێت، تا کەڵك وەرگرتنی ناپلیۆن لە ((گەڕانەوە بۆ رای گشتی)).

ئەگەر سەرۆك وەزیران واتە سەرۆکی حکومەت (دەوڵەت) و رابەری زۆرینەی پەرلەمان لە پارتەکەی سەرۆك کۆمار بێت، ئەوا دەسەڵاتی جێبەجێکردنی گەلێ بەهێز دەبێ و رۆڵی پەرلەمان تا ئەو رادەیە کەم دەبێتەوە کە دەبێتە نووسینگەی تۆمارکردنی باری کەسایەتی (نووسینەگەی احوال مدنی)، ئەوسا ئەم مەترسییە دێتە گۆڕێ کە پارتی زۆرینە (دەسەڵاتدار) ببێتە حکومەتێکی ستەمکار.

بەپێچەوانەوە، ئەگەر سەرۆك وەزیران و زۆرینەی پەرلەمان لە پارتێك بن جیاواز لە پارتەکەی سەرۆك کۆمار ئەوا دۆخێك دێتە پێشەوە کە پێی دەڵێن: ((پێکەوە ژیان یان هاوکاری هاوبەش)). تا لەم حاڵەتەدا جموجۆڵی حکومەت و دەسەڵاتی پەرلەمان لەلایەن دەستەی هاوکارەکانی سەرۆك کۆمار دەکەوێتە سنورێکەوە، وێدەچێ دەربازبوون لێی ئەستەم بێت، بەچەشنێ کە لە نەریتی کۆماری پێنجەمی فەرەنسەدا (واتە کۆماری ئێستاکە) بەڕێوەبردنی کاروباری دیپلۆماسی و سیاسەتی بەرگری فەرەنسە ((ناوچەی قۆرخکراو)) یان ((موڵکی رەها))ی سەرۆك کۆمارە، بەواتایەکی تر بەبەرژەوەندی ((شاهانە))ی ئەو دەژمێردرێ.

بەڵام دەستووری ئەمریکا لەم کەموکورتییانە بێ بەرییەو خەڵك سەرۆك کۆمار (کە هاوکات سەرۆکی حکومەتیشە) لە ئەنجامی رەوتێکی ئاڵۆزو گەلێ جیاواز لە رەوتی هەڵبژاردنی راستەوخۆی گشتیدا دەپاڵێون.

بەگشتی بێجگە لە چەند خاڵی هەڵاوێردە (واتە ئەو خاڵانەی سەر بەبارودۆخی تایبەت یان ئەو خاڵانەی بەشێکن لە خەسڵەتی کاریزمایی کەسایەتییەکی یان ئاسایی)، ناتوانین بڵێین هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆماری ئەمریکا

هەڵبژاردنێکی ((جەماوەری))یە و هەر بۆیەش سەرۆك کۆماری ئەمریکا کەمتر لە سەرۆك کۆماری فەرەنسا هەست دەکات ئەرکێکی مێژوویی لەسەرشانە.

وێڕای ئەمانەش سەرۆك کۆماری ئەمریکا کۆنگرێسێکی لە بەردەمدایە کە بۆ بڕیار دەرکردن فەرمان لە کەس وەرناگرێ و ئامادە نییە بەڕێوەبردنی بوارە (ستراتیژییەکان)ی کاروباری وڵات بەسەرۆك کۆمار بسپێرێت. واتە دیپلۆماسی و بەرگری و ئابووری و پەروەردەو فێرکردنی نیشتمانی و دادوەری گوتاری دادوەرین، دەبێ هەردوو ئەنجومەنەکە دیاری بکەن بە چ ئاراستەیەکدا بڕوات. سەرۆك کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان هەرچەندەش خەیاڵی گۆڕانی ئاراستەی ئەو گووتارانەی هەبێت، ناتوانێ سەرکەوتنی ئەوتۆ بەدەست بێنێ, چونکە دەسبەجێ کۆنگرێس وەخۆ دەکەوێ و سەرۆك کۆمار بە سنووری دەسەڵاتەکانیەوە دەبەستێتەوە.

وێدەچێ دەستووری ئەمریکا پتر لە دەستووری فەرەنسا لەنگەری سێ دەسەڵاتەکەی ڕاگرتبێت. وەلێ هەرچەندە پێکهاتە یاساییەکان لەبارین بەڕادەی پێویست نین بۆ پاراستنی دیموکراسی. واتە دەبێ تاکەکان بۆخۆیان دەست لە کارەکان وەردەن و لەم لایەنەوە چ لە وڵاتە یەکگرتووەکان و چ لە فەرەنسە و باقی وڵاتان ئەو پرسگەلانەی ڕێگە چارەیەکی تەواویان بۆ نەبیندراوەتەوە، زۆرن.

بۆ نموونە لە وڵاتە مۆدێرنەکان و ئەو وڵاتانەی خۆیان پێ دیموکراتییە، دەسەڵاتی جێبەجێکردن گەلێ ئامرازی جۆراوجۆری بەدەستەوەیە تا بەشێك لە چالاکییەکانی خۆی پێ لە دەسەڵاتی یاسادانان بشارێتەوە. بۆ نموونە، دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەتوانێ لەبەر ئاسایش یا ڕێزگرتن لە ژیانی تایبەتی تاکەکان هەندێ فایلی هەستیار بکاتە نهێنی، واتە پەنا بباتە بەر ئەو وتە بەناوبانگە ((بەرژەوەندی حکوومەت یان سیستم)). دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەتوانێ بەپێچەوانەی ئەمەوە هەڵسوکەوت بکات، واتە هەندێ لەو بڕیارە گرینگانەی شایانی باس و تاوتوێکردنە لەبەردەم خەڵکدا بەبڕیاری ئاسایی و کاری ڕۆژانەی لە قەڵەم بدات. دەتوانێ بەئانقەست وەڵامی درۆ بداتەوە بەئەندامانی دەسەڵاتی یاسادانان یا تەنیا بەشێکی بچووك لە زانیارییەکانی خۆی بخاتە بەردەستیان (هەرچۆنێك بێت دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەرگیز خۆی لەم چەشنە کارانە ناپارێزێت).

لەبەر ئەوە ئەندامانی دەسەڵاتی یاسادانان لەسەریانە بە وریایی چاودێری کارو چالاکییەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بن. بەڵام چاودێرییەکی ئاواش بەدەگمەن دەکرێ. چونکە لەلایەکەوە دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەزانێ چۆن زیرەکی و وشیاری ئەندامانی دەسەڵاتی یاسادانان پەکبخات یا کەم بکاتەوە. لەلایەکی تریشەوە دەبێ ئەم ڕاستییەمان لەبەرچاو بێت کە زۆربەی پاڵێوراوانی پەرلەمان دەسەڵاتی ئەوەیان نییە ئەو داوانە پووچەڵ بکەنەوە کە بۆیان دانراوە، بۆ نموونە، لە وڵاتی فەرەنسە لە سەرەتای دانانی کۆماری پێنجەمەوە تائێستا، نوێنەرانی پەرلەمان (ئەنجومەنی شوورا) و نوێنەرانی سێنات

بەرەبەرەو بەئارەزووی خۆیان چاوپۆشی لەگرتنە دەستی ئەو ئەرکانە دەکەن کە بۆی پاڵێوراون. بەرەبەرە نوێنەرانی دەسەڵاتی یاسادانان زیاتر وەك ئەندامانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەچن، واتە ژینگەیان وەك یەکی لێدێت، پێکەوە هاوپۆل و خوێندکاری قوتابخانەی باڵای تایبەتین و تارادەیەك لەگەڵ یەك پێوەندی هاوکاری و هاودڵی و هۆگری دەبەستن و هەندێ جاریش کار دەکەوێتە (دەبێتە) برادەرایەتی و چاوپۆشی و ئەنجامدانی کاری ناڕەوا لەسەر گیروگرفتەکانی وڵات، بەگشتی تاقەت و چیکەڵدانی ئەوەیان نامێنێ کێشە لەگەڵ یەکتری بکەن.

بەتایبەت ئەم بابەتە کاتێ هەستی پێدەکرێ کە ((باس و خواسی)) تایبەت بەبودجە لە پەرلەماندا بێتە پێش کە لەراستیدا لەسەر بودجە نییە. واتە ئەو بەڵگانەی وەزارەتی بودجە دەیخاتە بەردەست نوێنەرانی پەرلەمان ئەوەندە پڕ کەموکوڕی و تێکەڵ پێکەڵە کە ناتوانن بودجەی دەوڵەت بەباشی هەڵبەسەنگێنن و لە ئەنجامدا ناتوانن ڕێوشوێن و ئاراستەکەی دیاری بکەن. هەر لەسەرەتاوە ئەو وەزیرەی دێتە بەردەمیان، یا ڕێز لە ئیرادە و خواستی نوێنەرانی خەڵك دەگرێ یا نایگرێ. یا پابەندی بەڵێنەکانی خۆی دەبێ یا نابێ. بەکورتی ئەوەی خۆی پێی خۆش بێت دەیکات و لەکەسیشی ناشارێتەوە.

لە وڵاتە یەکگرتووەکان ((کۆمیسیۆنەکانی پەرلەمان)) باشتر کار بەڕێوە دەبەن، چونکە دەسەڵاتی یاسادانان ئەرکی دوولایەنەی خۆی باشتر بەجێدەگەیەنێ کە بریتین ل،ە دانانی ڕێوشوێنی سیاسی بۆ وڵات و چاودێری دەسەڵاتی جێبەجێکردن تا سیاسەتێکی جیاواز نەگرێتەبەر دەبێ ئەم خاڵەشمان لەیاد نەچێ بەهۆی ئەوەی ئەندامانی دەسەڵاتی یاسادانان کەسانێك بن کاملتر لە مرۆڤە مامناوەندییەکان، هەندێ جار لەباتی ئەوەی گرینگی بدەن بەبەرژەوەندییەکانی زۆرینەی گەل دەکێشرێن بەم لایەدا کە گرینگی زیاتر بدەن بەقازانج و بەرژەوەندییەکانی دەنگدەران و ئەو کەمە نەتەوە و رەگەزانەی پاڵێوراوەکان لەخۆیانن. لە ئەنجامی ئەم بارودۆخەدا لە بواری دیپلۆماسی وڵاتە یەکگرتووەکان یا لە خەبات دژی نایەکسانی کۆمەڵایەتی جاروبار لێکترازانێکی سەیر بەرچاو دەکەوێ، ئەگەر بەشێوەی سەرەکی لەم کێشانە وردبینەوە، دیموکراسیی پەرلەمان (یان دیموکراسی نوێنەرایەتی)، بەکردەوە گەلێك گیروگرفت و دژواری دێتە پێش. دەتوانین بەئاسانی هەندێ لەم کەموکوڕییانە چارەسەر بکەین بەڵام کەموکورتییەکانی دیکە، هەتا ئەو کاتەی سروشتی مرۆڤ (هەر مانایەکی بۆ لێکبدرێتەوە) ئاوابێ، چارەسەر ناکرێت.

وێڕای ئەمانەش، ئاخۆ ئێمەش دەبێ هاودەنگ بین لەگەڵ ئێدمۆندبورك و ژوزێت دو مەستێرو لویی دو بۆناڵد و میراتگری گشت بیرۆکەکانی ئەمانە واتە کارل شبیت و پێمان وابێت کە حکومەتی پەرلەمان (پەرلەمانتاریسم) خۆی لە خۆیدا ڕژێمێکی خراپە؟ وەڵام بەدڵنیایی ((نا))یە. بەڵام لە دوو سەدە بەم لاوە دەرخستنی ((بەربەستەکانی))ی ئەم سیستمە

یان دەرخستنی (بێ دەسەڵاتی نوێنەرانی پەرلەمان و نادروستی و فێڵ و تەڵەکەکانیان...) تەنیا بۆ ئەوە بەکارهاتووە کە بوار بدا بە سەرهەڵدانی بزاڤە پۆپۆلیستییەکانی راتسگەراو و بە دەسەڵات گەیشتنی ((جوچکە دیکتاتۆرەکان)).

ئێستا وای لێهات، ئاخۆ لانی کەم دەکرێ بیر لەمە بکەینەوە کە دیموکراسی ((نوێنەرایەتی)) کەم بەهاتر یان بێ کەڵك ترە لە دیموکراسی ((راستەوخۆ))؟ نا. ئەگەر ئەم راستییەمان لەیاد بچێت کە دیموکراسی راستەوخۆ تەنیا لەو وڵاتانە هاتووەتە دی کە بەقەد گوندێکی گەورە نابن و لەتەك ئەمەشدا بەشێکی بەرچاوی خەڵکەکەیان کۆیلەن، بەهەڵدا چووین. کێ دەخوازێ ئەم بارودۆخە دووبارە بخاتەوەگەڕ؟ کەس، تەنانەت رۆسۆیش کە لایەنگری گەرم و گوڕی دیموکراسی ((راستەوخۆ))یە، (لەم بارەوە زیاتر لەهەر بیرمەندێك و نووسەرانی سیاسی دیکە چاویان لێکردووەو پەیڕەوی بوونە).

ئێستا با کتێبی ((پەیمانی کۆمەڵایەتی)) رۆسۆ لێکبکەینەوە کە ناوە راستەقینەکەی ((سیاسەتی پەیمانی کۆمەڵایەتی)) یا ((بنەماکانی مافی سیاسی))ە ئەم کتێبە لە ساڵی ١٧٦٢ لە شاری ئەمستردامی هۆڵەندا چاپ کراو لە مانگی ئایاری هەمان ساڵ لە فەڕەنسا قەدەغەکرا، پەرلەمانی پاریس ئەم کتێبەی لە نۆی مانگی حوزەیران ئیدانەکرد، یازدەی حوزەیران سوتاندنیان، لە ١٩ی حوزەیران لە شاری ژنێڤ دیسان ئاوریاندا. ئەم کتێبە بچووکە بەدناوە بووە رەخنەیەکی بێ بەزەییانە کە تائێستا لە رژێمە ((نوێنەرایەتییەکان)) گیراوە. (لەروانگەی بیرمەندانی سیاسی چەپەوە) ئەم رەخنەیە لە بەشی ١٥ کتێبی سێهەمی نامەکەی رۆسۆدا هاتووە.

رۆسۆ لەم بەشەی کتێبەکەیدا دەنووسێ: گوێنەدانە خۆشەویستی وڵات، کارکردنی هەرکەس و بۆ بەرژەوەندی خۆی، پانتایی جوگرافی وڵاتەکان، سەرکەوتنە سەربازییەکان و ئەو حکوومەتانەی خراپ دەسەڵات بەکاردەبەن بۆتە هۆی دروستبوونی بیرۆکەی هەڵبژاردنی وەکیل یان نوێنەری خەڵك لە پەرلەماندا، بەڵام ئەم ((رێگەچارە))یە هەر لە سەرەتاوە نابەجێیە. چونکە لە بنەڕەتدا لەسەر کێشەیەکی بێ مانای فەلسەفی و یاسایی سەری هەڵداوە، بەپێی ئەم کێشەیە تاك دەتوانێ ئازادییەکەی خۆی بەوەکالەت بداتە کەسێکی تر، یا خۆی لە ئازادی بێ بەری بکات. کەواتە نەتەوەیەکیش دەتوانێ بەهەڵبژاردنی نوێنەرەکانی خۆی ئازادی لە خۆی بستێنێتەوە. ((بەڵام مافی فەرمانڕەوایی ناگوێزرێتەوە بۆ کەسێکی تر، و هەر بەهۆی ئەمەوە نەتەوەیەکیش ناتوانێ خۆی لە فەرمانڕەوایی بێ بەش بکات. فەرمانڕەوایی بەڕێوەبردنی گشتی رێساکانە و رای گشتیش ناتوانێ نوێنەر بۆ خۆی داتاشێ. ئیرادەی گشتی یان ئیرادەی گشتییە یان شتێکە و جیاواز لە ئیرادەی گشتی، ئاستی ناوەندی نییە. ئەنجام و هەڵسوکەوتەکانی ئەم کێشەیە ئاخۆ چی دەبێت؟ رۆسۆ دەڵێ: ((پاڵێوراوانی خەڵك نەهەن و نە دەتوانن نوێنەری خەڵك بن)). ((پاڵێوراوانی خەڵك تەنیا جێبەجێکاری خەڵکن ناتوانن هیچ جۆرە بڕیارێکی کۆتایی و یەکلاکەرەوە بدەن. واتە

هەر یاسایەك خەڵك خۆیان بەشێوەیەکی راستەوخۆ پەسەندیان نەکردبێت، پووچەڵ و لەڕووی یاساییەوە هیچ جۆرە شەرعیەتێکی نییە)). (جێی سەرنجە رۆسۆ واژەی ((کارگوزار یان کۆمیسەری خەڵك))ی بەکاردەبردو کە لە روسیا لە ١٩١٧دا ئەزموونێکی کورت خایەن و بێ ئاکامی دانانی دیموکراسی راستەوخۆ، واتە ((شۆڕا))ی کرێکاری و سەربازییەکان پێکهات، ئەم واژەیەی کۆمیسەر دووبارە کەوتەوە سەرزاران).

لەبەر چەند هۆکارێکی ئاشکرا، رۆسۆ بە مۆنتسکیۆ خۆشحاڵ نەبوو و مێژووی ئینگلتەراشی کە بەنموونە دەهێنایەوە بەئاشکرا مەبەستی ئەوەبوو لایەنگرانی مۆنتسکیۆ توڕە بکات کە حەوت ساڵ پێشتر مردبوو. رۆسۆ دەنووسێ: ((خەڵکی ئینگلتەرا لایان وایە ئازادن کەچی زۆر هەڵەن. ئەوان ئەوکاتە ئازادن کە خەریکی هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانن. وەلێ هەرکە نوێنەرەکانیان هەڵبژارد خەڵکی ئینگلتەرا دەبنە کۆیلە یا گەردیلەیەکی بێ کێش.

ئینگلیزەکان بۆ ماوەیەکی کورت دەگەن بەئازادی بەڵام شێوازی کەڵك وەرگرتنیان لەم ئازادییە بەچەشنێکە، نەبانبێ باشترە)).

بەڵام رۆسۆ کە باسی مۆنتسکیۆ دەکات دەڵێی دەکەوێتە یادی تیۆریەکی دیکەی ئەو و بێ پێشەکی دەچێتە سۆراخی و دەڵێ: ((خودی چەمکی نوێنەرایەتی چەمکێکی مۆدێرنەو لە شێوازی حکومتی فیودالییەوە سەرچاوە دەگرێت. واتە شێوازێکی فەرمانڕەوایی زاڵمانەو بێ مانا کە مرۆڤ لەژێر سایەیدا سووك و رسوا دەبێت).

هەرچۆنێك بێ دەبێ دان بەوەیدا بنێین کە فەرەنسییەکان بەحەوسەلەن و گوێ لە هەر قسەو باسێك دەگرن.

ئێستا پاش ئەم هەموو بابەتە رەنگاورەنگانە با بڕۆینە سەر لایەنی هەرە سەیری ئەم بەشە، واتە بەشی ئەنجامگیری کە رۆسۆ لەویدا پشت لە کێشە بنەڕەتییەکان ناکا. رۆسۆ باش دەزانی دابینکردنی دیموکراسی ((راستەوخۆ)) گرێدراوی چەند مەرجێکە (وەك: بچووکی پانتایی وڵات، ئارەزووی فراوان و بەڵێنی هاوڵاتیان بۆ ((فەزیلەت)) و کاتی زۆر). هەروەها دەزانێ ئەم مەرجانە لە وڵاتانی سەردەمی نوێ نایەنەدی، ئەم هەلومەرجە تەنیا جارێك لە تێکڕای قۆناغەکانی مێژوویدا هاتوونە دی. ئەویش قۆناغێك بووە لە یۆنانی دێرین، دەوڵەتە - شار (سیتە) دروستبووە ئەویش لەبەرئەوەی ئەرکەکانی شارەوانی هەمووی لە ئەستۆی کۆیلەکاندا بووە، هاووڵاتیانی یۆنان دەرفەتی پێویستیان بۆ رەخساوە تا سەرقاڵی کارە سیاسییەکان بن.رۆسۆ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە ئاخۆ ئازادی تەنیا بەکۆیلەو کۆیلەدارییەوە دەپارێزرێ, ساویلکانە دەڵێ: ((هەر دووی ئەم زیادەڕۆییانە لە یەك قوماشن و ناپەسەندن)). ئەگەر باش بیری لێبکەینەوە دەبینین رۆسۆ دەڵێ، کۆیلەداری و کۆیلیەتیش هەندێ ئاکاری باشی هەیە.

بەکورتی وەك ئەوەی بڵێین رۆسۆ بۆ ساتێك تووشی حەسرەت و نۆستالۆژیای رابردوو دەبێتەوەو خەیاڵ و دوودڵی دایدەگرێ. وەلێ خێرا تێدەگات کە

بەکوێرەڕێی وەهمدا دوور ڕۆیشتووە، دێتەوە سەرخۆو و دەنووسێ: ((مەبەستی من ئەوە نییە کۆیلە لە ماڵ رابگیرێ، یا مافی کۆیلەتی مافێکی رەوایە، بەڵکو تەنیا قسەی من ئەوەیە، کە بۆچی نەتەوەکانی سەردەم خۆیان پێ ئازادە و نوێنەر دەنێرنە پەرلەمان و لەبەرچی نەتەوەکانی پێشوو ئەم کارەیان نەدەکرد ؟!

## دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە بەرانبەر دەسەڵاتی یاسادانان

کەس گلەیی نییە ئەگەر هاووڵاتییەکی ئاسایی یاسا پێشێل بکاو بدرێتە دەست بەرپرسانی ((دادوەری))، کەسیش گلەیی نییە لەوەی دەسەڵاتی دادوەری دەبێ لە هەر چەشنە گوشارێکی دەرەکی یاسا دانان و جێبەجێکردن بەدوور بێت تا بتوانێ بەئاسوودەیی سەرقاڵی کاری دادوەری بێت.

بەمەیشەوە، کاتێك هاووڵاتیەك مرۆڤی ((ئاسایی)) نییە، واتە بۆ نموونە ئەندامێکی گرینگی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، دوو بارودۆخی وەك یەك ناخۆش دێنە پێش، درێژەی باسەکە ئەمەیە یا هەروەك لە ١٩٩٨ لە وڵاتە یەکگرتووەکان بینیمان، لە سەرۆکایەتی دەسەڵاتی دادپەروەریی، دادیارێك خاوەن کەسایەتی سەربەخۆ کە ئەوەندەش بێلایەن نەبوو (ئەم پیاوە کۆماریخوازە ناوی کێنێت ستار بوو، بەهەموو ئامرازێك (تەنانەت ئەو ئامرازانەی گومانی نایاسایی بوونیان لێدەکرا) دژی تاوانبار واتە سەرۆك کۆماری دیموکرات کلینتۆن هەڵسووڕا بۆ ئەوەی ماوەی خزمەتە سیاسییەکەی لەکەدار بکات، بەجۆرێکی وا زۆری پێنەچوو دەزگای دادوەری کەوتە گێژاوی جۆرێك لە لۆژیکی تۆڵەسەندنەوە (ئەم کێشەیە بۆتە جێی داخێکی گەورە لە راستیشدا سەرۆك کۆمار کلینتۆن دەبووا سزابدرێت، چونکە گەلێك گرفتی لەبەردەم کارە یاساییەکانی دەزگای حکوومەت دانابوو) دۆخی دووهەم ئەمەیە کە ((تاوانبار)) بەئاشکرا هەوڵ دەدات خۆی لە دەست دادوەری رزگار بکات. تێکرای رێکخراوەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش هەوڵ دەدەن تاوانبار لە هەر جۆرە بڕیارێکی لێپرسینەوە یا چاودێری بپارێزن، تەنانەت گوشاریش بخەنە سەر دادوەرانی دۆسییەکە. ئەم کارەش زۆر دژوار نییە چونکە دادوەر نەدەپالێورێت و نەبەقورعەش هەڵدەبژێردرێت. واتە بەکورتی، دەرگا هەر لەسەر گرێژنەی پێشوو دەسوڕێ و زۆربەی بەرپرسە دادوەرییەکان لە زۆربەی وڵاتە دیموکراتەکان لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە دادەنرێن (و هەر بەم دەسەڵاتەیش دەکرێ لەسەر کار لابرێت).

ئەم بابەتە لەڕووی ئەخلاقی و دادوەرییەوە لە بابەتەکەی پێشوو سەیرتر نییە، چونکە لێرەدا ماهیەتی دادوەری و ماهیەتی ئەخلاقی مەسەلەکە تەواو لێکدالێن.

ئاشکراشە ئەوکاتەی ئەندامانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن واتە فەرمانبەرو وەزیرەکان لە بەرانبەر کردەی سیاسی و دادوەرییەکانی خۆیان دەبنە بەرپرسیار کارێکی هێجگار دژوارەو بەرپرسە حکومیەکان دەبێ لەمەڕ کردە سیاسیاکانیان وەڵامی دەسەڵاتی یاسادانان بدەنەوە. واتە ئەم دەسەڵاتە بڕیار

دەدات ئاخۆ کردەی فەرمانبەرە حکومیەکان بەپێی ئاراستەو پلان لەلایەن خۆیانەوە بووە یان نا. (لە بواری دادوەرییەوە، فەرمانبەرەکان لە دادگاکانی دەسەڵاتی دادوەریدا ئامادە دەبن و ئەم دەسەڵاتە دیاری دەکات تا چەند هەڵسوکەوتیان بەپێی یاسایە).

بەڵام ئەگەر باش لێی وردبینەوە دەبینین ئەم بەرپرسییە دوو لایەنە تاقەت پڕوکێن نییە. چونکە ئەنجامی ئەم راستییە کە تاکێکی ئەندامی دەسەڵاتی یاسادانان تەنانەت ئەگەر بەشێکی بچووکیش لە دەسەڵات بێت لە ((هاووڵاتییەکی)) ئاسایی بەدەستەڵاتترە. کەواتە دەبێ بتوانێ هەرکاتێ بیەوێت پاساو بۆ بەکارهێنانی دەسەڵاتەکەی بهێنێتەوە (ئەمەشمان نابێ لەیاد بچێت لە هەڵومەرجی ئاوادا زیادبوونی ئەرکەکانی فەرمانبەرێك لەگەڵ زیادکردنی (جیاوك) و بەرژەوەندییان دایە. بەواتایەکی دیکە، ئەرك و بەرپرسی هەر لێپرسراوێك کە زۆردەبێ مافە تایبەتەکانیش روو لە زیادبوون دەکات).

لەراستیدا زۆرجار رەخنەیەك لەم شێوە بەڵگەهێنانەوە دەگیرێ. رەخنەکەش ئەمەیە، ئەگەر فەرمانبەرێك لەکارەکەیدا یاسا پێشێل بکات یا لەبەر ئەوەیە فەرمانی پێدراوە یا بەجێهێنانی ئەرکەکانی بەپێویست زانیوەو نەیتوانیوە خۆی لەم پێشێلکارییە بپارێزێ، بەکورتی، پێگەی ئەم فەرمانبەرە لەناو زنجیرەی پلەوپایەی ئیداریدا دەبێتە هۆی ئەوەی لە بڕیاردان و هەڵبژاردندا سەربەست نەبێت.

بەڵام ئەگەر ئەم رەخنەیە بنەمایەکی بوایە، سەرئەنجام دەبووە هیچ فەرمانبەرێك هەرگیزو لەهیچ بوارێکدا بەتاوانبار نەناسرێ. هەر ئەوەندە بەس بوو بۆ هەڵاتن لە چنگی دادوەریی (نەك لە چنگ ویژدان) کە خۆی لە پشت فەرمانەکانی سەرەوە بشارێتەوە. تەنانەت وەزیریش وەك باڵاترین بەرپرسی ئیداری کە فەرمانێکی بەدەر لە یاسا واتە فەرمانێکی زاڵمانە دەردەکا، دەتوانێ هەمیشە خۆی لەپشت سەرۆك کۆمارەوە بشارێتەوە. سەرۆکی حکوومەتیش دەتوانێ بیانووی وەك ((بەرژەوەندی حکوومەت)) و ((قازانجی نیشتمان)) و ((قازانجی باڵای گەل)) بۆ خۆی بکاتە پاساو.

ئەگەر خۆمان بەلێکدانەوەی (قوتابیانە) یان (سەرپێچی)یانەی یاساو ئەرکەکانەوە ببەستینەوە، ئەوا، ئەم شێوەی بەڵگەهێنانەوە بە لەڕووی یاساییەوە بابەخێکی کەمی دەبێت. ئەگەر لەو گۆشەنیگایەوە کە زۆریش تەسك و سنوورداره - بەڵام هەر لەو چوارچێوە تەسکەیشدا دەرکی پێدەکرێت - چاو لە کێشەکان بکەین، دەبینین سزادانی فەرمانبەرێك کە سەرپێچی لە یاسا کردووە تا کارەکەی لێ نەسەندرێتەوە نا دادوەرییانەیە (چونکە ئەو فەرمانبەرە پایە بەرزەی رێنوماییەکانی بۆتە هۆی ئەوەی فەرمانبەرانی ژێر دەستی، یاسا پێشێل بکەن، سزا نادرێت).

باشە کەواتە دادوەری لەکوێدایە؟

بەڕای من ئەگەر وابێت، دادوەری لەوەدایە هەردووکیان سزابدرێن. فەرمانبەرەکە لەبەر ئەوەی خراپەکاری کردووە. واتە کاتێ دەیتوانی (و لەڕووی ئەخلاقییشەوە ئەرکی سەرشانی بووە) نا فەرمانی

بەڕێوەبەرەکەی بکات، نەیکردووە. بەڕێوەبەرەکەیش لەبەر ئەوەی فەرمانبەرەکەی خۆی هانداوە بۆ خراپەکاری.

لەوانەیە هەندێ کەس رەخنە بگرن و بڵێن سەرکۆنەکردنی فەرمانبەر لەبەر نا فەرمانیکردنی کارێکی زاڵمانەو لەرادەبەدەر بێ مانایە. چونکە دەزانین بەپێی لۆژیکی حاکم لەسەر ((ئەژدیهای زاڵمە)) کە هەمان چەمکی حکوومەتە بەمانای نوێوە، دەکرێ هەندێ لە شێوەکانی نافەرمانی بەتوندی سزابدرێت و رێکخراوەکانی حکوومەت وەك مامەڵەی بەرانبەر تۆڵە لە فەرمانبەری نافەرمان بستێننەوە رەنگە تێڕوانینی لەم چەشنە لە روانگەی دەروونناسییەوە گرینگ بێت، واتە بتوانێ هۆکاری ((بێ ورەیی)) و تەسلیم بوونی هەندێ فەرمانبەر بکاتە پاساو، بەڵام ئەم تێڕوانینە هیچکات بایەخی ئەخلاقییانەی نییە، چونکە ئاشکرایە ئەگەر مرۆڤ بخوازێت خۆی لە زیانی ماڵی و ئابووری بپارێزێ و بۆ ئەم مەبەستەیش لە ئەنجامدانی کاری نایاسایی سڵ نەکاتەو، ئەم سڵنەکردنەوەیەش بەمەرجی سووککردنی تاوان لە قەڵەم بدرێت، ئەوا ئیتر کەس یاسا رەچاو ناکات.

باشترین رۆشنکەرەوەی ئەم مشتومڕە ئاوڕدانەوە لە ((بابەتێکی)) مێژوویی هاوچەرخە. مەبەست دادگایی کردنی پیاوێکی فەرەنسییە لە ١٩٩٧ بەناوی موریس پاپۆن کە دەستی هەبوو لە تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی. ئەو کارانەی لە دادگەدا بەتاوان ناسران دەگەڕێنەوە بۆ ئەوکاتەی ئەڵمانەکان فەرەنسایان داگیرکردبوو. مۆریس پاپۆنیش ئەوکاتە سەرۆکی پۆلیسی ناوشاری ویلایەتی ژیرۆندی فەرەنسە بووە، بۆ بەرگری کردن لەخۆی گوتبووی لەکاتی شەڕدا ئامێرێکی بچووك بووە لە دامودەزگا ئیدارییەکانی فەرەنسەداو ئەو دامودەزگایانەش بەهۆی شکست لەژێر فەرمانی ئەڵمانییەکان بووە. دووریش نییە شاندی دادوەر ئەم بەڵگەهێنانەوەی تاوانباری پەسەند کردبێ چونکە لە ئاکامدا سزاکەی پاپۆن وای لێهات بەشێك لەڕای گشتی لایان وابوو سزایەکی زۆر سووکە.

خاڵی بنەڕەتی لەم دادگایی کردنەدا ئەمەبوو کە پاپۆن سزادراو بەواتایەکی تر بنەماکانی سەلماندنی دادوەری، یاسایی پاپۆن، بەبەڵگەی راست و دروست رەت کرایەوە. بەواتایەکی تر کەسانێکی تریش لە بارودۆخی پاپۆندا هەبوون خۆیان لەکارکشاندەوە، پاپۆنیش دەیتوانی (بەبێ ئەوەی تووشی مەترسی گەورەبێت) هەرکات بیهەوێت خۆی لەکاربکێشێتەوەو سەرپێچی ئەو فەرمانانە بکات کە نایاسایی و نا ئەخلاقی بوون.

خاڵێکی وردی تریش دەبێ پێوە زیاد بکەین و ئەویش ئەمەیە مەبەستی من لە فەرمانی نایاسایی فەرمانێکە خۆی لەخۆیدا نایاساییە. واتە جێبەجێکردنی فەرمانی گرتنی جوولەکەکان و گواستنەوەیان بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکان بەپێی یاسا نییە (یاسایی نییە) دیارە من لێرەدا ئەو فەرمانانەی وا لە فەرمانبەرە فەرەنسییەکانی سەرووی پاپۆن یان راستەوخۆ لەلایەن ئەڵمانییەکانەوە بۆ پاپۆن

دەرکراوە، لەبەرچاو ناگرم، چونکە فەرمانی فەرەنسییەکان لەلایەن حکوومەتێکی ناشەرعییەوە دەرچووە کە مارشال پوتەن سەرۆکی بوو[١٣] و ئەڵمانیەکانیش لەبەرئەوەی و براوەی شەڕبوون فەرمانیان دەردەکرد وەك دەقی ((الحق لمن غلب)) (براوە لەسەر هەقە). تەنانەت ئەگەر پاپۆن لەلایەن ئەو بەرپرسانەی بەپێی یاسا لەسەرووی خۆیەوە بوون فەرمانی پێدرابایە جولەکەکان دەستگیر بکا، گشت ئەم کارانەیش لە چوارچێوەی حکوومەتێکی یاسایی ئەنجام بدایە، چونکە فەرمانەکەی جێبەجێکردووە، تاوانبار دەبوو.

بەپێی ئەم تێڕوانینانە ناتوانین بڵێین ئەو مشتومڕە تیۆرییەی لە دادگایی کردنی پاپۆنەوە سەری هەڵدا، ڕێگە چارەی نییە، هەر ئەم کێشەیەی پاپۆن بەدوو بەڵگە ڕێگەچارەیەکی هەیە:

یەکەم ئەمەیە: مشتومڕ بەرهەمی ململانێی نێوان دوو بۆچوونە لە چەمکی ماف و یاسا. بۆچوونی یەکەم ڕواڵەتگەرا، کورتبین واتە فورماڵیتەیە (واتە هەر ئەو فەرمانەی کەسێك لەلایەن کەسێکی دیکەوە مەجبور بکا کاری نایاسایی ئەنجامبدات ئەوا بەپێی ئەم بۆچوونە بنەڕەتی و یەکلایی کەرەوەیە). بۆچوونی دووهەم کەمتر کورت بینانەو پتر بەرفراوانە (واتە زیاتر گرنگی دەدات بە ڕۆحی یاسا نەك دەقی یاساکە)، بەپێی ئەم بۆچوونە هیچ کەس ناتوانێ بەهۆی ئەوەی لەژێر (گوشاری) دەرەکی بووە، پاکانە بۆخۆی بکات. دیارە ئەم دوو لێکدانەوە یا بۆچوونە بایەخی یەکسانیان نییەو وەك بینیمان بۆچوونی یەکەم ڕێگە بۆ هەر چەشنە زێدەڕۆییەك خۆش دەکات، تەنیا بۆچوونی دووهەمە دەسەڵاتی سیستمی یاسایی دابین دەکات. لەبەرئەوە بەرژەوەندی یاسا لەمەدایە لێکدانەوەی دووهەم لە بۆچوونی یەکەم باڵاتربێت.

بەڵگەی دووهەم ئەمەیە تەنانەت ئەگەر ئەو مشتومڕەش بەململانێی نێوان یاساو ئەخلاق دابنێین بەقازانجی ئەخلاق نەبێ تەواو نابێت، هەرچەند ئاشکرایە سیاسەت و یاسا پاشکۆ و ((لقەکانی)) ئەخلاق نین، بەڵام بێگومان ئەخلاق تاقە سەرچاوەی مومکینی یاسایە، ڕۆڵناد دورکین گوتەنی هەرکات زانایانی یاسا پرسێك لە بواری یاسادا دێننە گۆڕی یا هەوڵ دەدەن بابەتێکی یاسایی کامڵ بکەن, یا ناچارن لەسەر دوو ڕێسای یاسایی بەڕواڵەت دژ پێك ڕای خۆیان دەرببڕن، ناچارن بگەڕێننەوە سەرچاوەی پڕ بەرەکەتی ئەخلاق. بەپێی ئەو دوو بەڵگانەی سەرەوە ناکرێ پشت بەپێکهاتەی (زنجیرەی پلەوپایە) تایبەت بەهەر چەشنە دەسەڵاتێك, ببەسترێ. بەو مەبەستە فەرمانبەرانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن, درێغی لەکاردا دەکەن، تا وەڵامی دەسەڵاتی دادوەری نەدەنەوە. هەروەك چۆن فەرمانبەرانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن ناتوانن پشت ببەستن بەبیانووی هەمیشەیی وەك ((خراپەکاری)) یا ((پشت گوێخستن)) کە لە هەموو دامودەزگایەکدا باوە. چونکە ئەم جۆرە پرسانە لە ڕوانگەی بەرپرسان پێگەیەکی بەرژەوەندی گشتییە کارمەندان هەرگیز ناتوانن پاکانە بۆ کەمتەرخەمی خۆیان بکەن) هەرچۆنێك بێ هیچ کارگوزارێکی حکومی ناکەوێتە سەرووی یاسا.

ئەم ڕێسایە، ڕێسایەكی تازە نییە. بەڵام وەبیر هێنانەوەی لەم ڕووەوە پێویستە چونكە چەمكی ((تاوانكاری ناو دەوڵەت)) تێڕوانین، ڕێكخستن و وەدی هاتنی تاوان لە لایەن دەوڵەت یا كارمەندەكانی كە لەم سەدەیەدا ڕەهەندێكی بێ وێنەی بەخۆوە دیوەو زۆرجاران تاوانی كارمەندانی باڵای دەوڵەتان بەبێ سزادان ماوەتەوە. ئەمڕۆكەش حكومەتە خراپكارەكان جاش و بەكرێگیراوی خۆیان ٠هەندێ جاریش بەبێ ویستی بەكرێگیراوان لەو كەسانە هەڵدەبژێرن كە پێیان وایە لەم سەردەمەدا ((دادوەرەكان لەرادەبەدەر خۆیان لە هەموو كاروبارێكدا هەڵدەقورتێنن))(١٤).

ئەگەر بمانەوێت تاوانی دەوڵەتان بێ سزادان نەمێنێتەوەو بەواتایەكی باشتر ئەگەر بمانەوێت تاوانی دەوڵەت بنەبڕ بكرێت، ڕێگەیەكمان لەبەردەمدایە: دەبێ ((حكومەت بەپێی یاسا)) دابنرێت و حكومەتێكی یاسایی شتێك نییە بێجگە لە حكومەتێك كە تیایدا هەر هاووڵاتییەك ئازادییەكەی لەلایەن یاسای وڵاتەوە دەپارێزرێت.

بەواتایەكی تر، حكومەتی یاسایی بریتییە لە حكومەتێ كە تیایدا بنەمای ((جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان)) ئەوەندە بەوردی ڕەچاو دەكرێ كە هەموو ڕۆژێ دادوەرەكان ((دەست لەو كاروبارانە وەردەدەن كە بەڕای ئەیارانی ئەم شێوە حكومەتكردنە، پێوەندی بەوانەوە نییە)).

***

## پەراوێزەكان

١- ئەم وتارە وەرگێڕاوی بەشی سێهەمی كتێبێكە بەناوی فەلسەفەی سیاسەت لە ڕۆژگاری ئێمەدا:

Ch. Delacompagne: La Losophie politique aujourdhui Seuil. Paris. 2000.

2- The ruile of Law.

3- Robert Filmer. Patriach. 1680.

4- John Locke – Traite du gouvernement eivil. Paris. Flammarion.e Coll. "GP" 1992. p. 250-251.

٥- فرانكەكان (Francs) ناوی تایفەو عەشیرەتەكانی دانیشتووی بەشێكی فراوانی ژێرمانی بوون كە لە ئەوروپای نێوەڕاستی چەرخی دێریندا هەڵكەوتبوون. ئەم عەشیرەتانە لە سەردەمی پێنجەمی زایینی، فەرەنسەی دێرینیان كە La Gouleی پێدەگوترێ - داگیركرد. عەشیرەتە سەرەكییەكانی فرانك پێكهاتبوون لە: Ripuaires, Saliens

6- Comte de Boulainvilliers.

7- Etienne Pasquier.

8- Jean Lemaire de belgyes- IUustrations de Gouyle et singularitts de Troie. 1512.

9- Walter Stephens – Giants in these Days: Folklore. Ancient History and Nationlism. Lincoln & London. The University of Nebraska. Pres. 1989.

١٠- Huges Capet(٩٤١-٩٩٦) لە ئاریستۆکراتەکانی فەڕەنساو هەروەها لە ٩٨٧ تا ٩٩٦ بووەتە پادشای فەڕەنسا. لە ٩٨٧دا کوڕەکەی خۆی کرد بەجێنشینی خۆی و بەم شێوە پادشایەتی لە بنەماڵەکەیدا کرد بەمیرات.

١١- 1795-1856 AugustinThierry) مێژوونووسی فەڕەنسەیی.

١٢- 1787-1874 FrancoisGuizot) سیاسەتوان و مێژوونووسی فەڕەنسەیی بنەمای ئازادی پەروەردەی سەرەتایی ئەو هێنایە ناو سیستەمی پەروەردەیی فەڕەنسەوە.

١٣- حکومەتی مارشال پوتەن (١٨٥٠-١٩٥١) کە ناوبانگی بە ((حکومەتی فەڕەنسا)) یان ((ڕژێمی ویشی)) دەرکرد. بەپێی دەنگی پەرلەمانێکە پێکهات کە ((دەسەڵاتی ڕەها))ی پێدا. بەڵام لە یاسای بنەڕەتی کۆماری سێهەمی فەڕەنسا مادەیەك نییە بەپێی ئەو مادەیە ڕێگە بەپەرلەمان بدرێت بۆ ئەوەی لە بارودۆخی نائاساییدا ((دەسەڵاتی ڕەها)) بەکەس یان کەسانێك بدات. ئەو دەسەڵاتەی پەرلەمان بەمارشال پوتەنی دابوو، بنەمایەکی یاسایی نەبوو.

١٤- کاتێ لە ساڵی ١٩٩٩دا کتێبێەکەی دانیال بن سەعید بەناوی ((کێ دادوەرە، دەبێ لەتەك دادگەی مێژوودا کارەکە یەکلایی بکرێتەوە)) هاتە بازاڕ، من نووسینی ئەم بەشەم تەواوکردبوو.

Daniel Ben Said – Qui est Le juge? Pour en finit avet Le tribunal de L'histoire. (Fayard).

ئەو ڕێزو سوپاسەی من دەرهەق بە کتێبەکانی پێشووی ئەم نووسەرە هەمە، هەرچەندەش بێت ، کتێبە تازەکەی بەڕای من سەرتاپای لەسەر بنەمایەکی فیکری هەڵە تۆمارکراوە. چونکە پێچەوانەی ڕای بن سەعید، دادوەرەکان لەرادەبەدەر خۆیان لەکارەکاندا هەڵناقورتێنن. ئەوان تەنیا ئەو ئەرکانە ئەنجام دەدەن کە پێوەندی بەوانەوە هەیە. مەبەست و ئەنجامی چالاکیی ئازادانەی دەسەڵاتی دادوەریی تەنیا لابردنی دەمەقاڵەی سیاسی نییە. ئاشکرایە کە چالاکیی دادوەری لە ئاستێکی تردایە. بەڵام پێکەوە ژیانی ڕەهەندی ((سیاسی)) و ڕەهەندی ((جەزایی)) ڕاستییەکە دەبێ پەسەندی بکەین و نەك هەر زیان بەرێساکانی کارکردی دیموکراتیك ناگەیەنێت بەڵکو ئاسانکاریشی بۆ دەکات. بەکورتی دیموکراسی بەبێ چالاکی بەرفرەیی دادوەرەکان هیچکات بەدیموکراسی ناناسرێت. خاڵێکی تر ئەمەیە بەپێچەوانەی ڕای بن سەعید ((دادگەی مێژوو)) خۆی لە پێشدا خراپترین دادگەی مومکین، نییە. مەگەر (ئایا) دادوەرانەترین داوەرییەکانی ئێمە بۆ ڕابردوومان - چ بەتاك و چ بەکۆ - پشت بەستنە بەشتێکی تر بێجگە لە تێپەڕینی کات، کە هەمان مێژووییە؟.